# بۆچی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە کەمتەرخەم و سست تۆمەتبار دەکرێن؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان پەسنددەکات، بەڵام ئایا حکومەت و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو بوارە (حکوومی و ناحکوومی) تاچەند سەرکەوتوو دەبن؟ ئایا کۆمەڵگە تا چەند ئامێز بۆ ئەو چالاکییە بەرفراوانە و گۆڕانکارییە هزرییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان دەکاتەوە؟ ئایا کۆسپەکانی بەردەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ بەرنگاربوونەی توندوتیژی چین و بۆچی بەردەوام بە کەمتەرخەمی و سستی تۆمەتبار دەکرێن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکەنەوە.





پەخشان زەنگەنە:

**پلانێکی ستراتیژی بۆ کارکردن لەسەر پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هەیەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری لەسەر دەکرێت**

### حکومەت پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان پەسەنددەکات

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٢/٩/٢ پلانی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی پەسەند کرد، هاوکات ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای خانمان لە کوردستان (پەخشان زەنگەنە) ڕایگەیاند، پلانە ستراتیژییەکە وەك کارنامەی حکومەت بۆ کارکردن لەسەر پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری لەسەر دەکرێت. هیواشی خواست هەموو هەوڵێکی جددی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە ستراتیژییە بدرێ.

ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆشنبیری کورد، بەردەوام ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بە «کەمتەرخەم، سست، کەمکار و تەنانەت ناشارەزا» تۆمەتبار دەکەن و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بەو پشتیوانییە داراییەی کە هەیانە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت، داواکاریشن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بجووڵێن و تەنیا خاتوونی پشت مێز و کورسی نەبن. هەروەها پێشنیار دەکەن بە جددی هەوڵی پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە و خاوەن ئابووری بدەن، بۆ ئەوەی پۆست و پلەی بەرزی سیاسی و ئابووری وەربگرن.

### ژنا بەرپرسا ڕێکخراوێ گەرەکە ژبۆ خزمەتا ژنێ هاتبت، ڕێکخراوەك چ کەت گەر تەنێ بۆ شکڵ هاتبیت دانان؟

ڤیان مایی سینەماکاری ناساراوی کورد، رابوایە پێش هەموو شتێك چەمکی ئازادی بە توێکڵ و کاکڵیەوە لە کۆمەڵگە پێناسە بکرێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە تاك گەر خۆی ئازاد نەبێت ناتوانێت تاکێکی دیکە ئازاد بکات، ئەو سینەماکارە بەمجۆرە باسی ئازادی و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دەکات:

«ئازادی پەیڤەکە گۆتنا ڤێ ئاسانە، لێ ناڤەرۆکا ڤێ گەلەك کوورەو نرخ و بەدەلێن وێ گەلەك مەزنن. دەما ئەم بێن بەحسا ژنان و ئازادیێ بکین، گەرەکە ئەم ژنێن چالاك و ڕێکخراوێن ژنان ژ هەڤدۆ جودا بکین، چونکو ئەو مرۆڤێ خوە ئازاد نەکت، نەشێت هاریکاریا کەسێن دی بکت. گەر ژن هەبن ئازاد بن، ب هزر و کەسایەتیا خوەو بەرهەمێ خەبات و قوربانیێ خوە. لەوان دناڤا جڤاکا مەدا کەسێن ئازاد د ناڤا چارچوڤەیەکێ دا ئازادە کو گەلەك زەحمەتە وێ ئازادیێ بەلاڤ بکت، کوم برپاردرا د وارێ ڕێکخستنی مەدیا و پەروەردە کەسانێن نە ئازادن. ئەم ل دەسپێکا پەیداکرنا تاکەکەسێ خودان باوەڕی ب خوە و خودان بڕیار. ڕاستە وەلاتێ مە دەست ب ئاڤەدانیەکا خۆرت کریە و تەکنولۆژیا ب لەزۆ بەز بەلاڤ دبە، لێ سالێن درێژێن داگرکەریێ تخمەکێ ل وەلاتێن مە ئاڤاکری کو کەسایەتییەکا لاواز ژ هەم لایەن چ بوە. تەنێ مناکێ بدم: زمانێ دایکێ هەردەم زمانێ دویێ بۆیە ل هەم پارچێن کوردستانێ، گەر ژ زارۆکاتی مرۆڤ ببینە کو ئەو زمانێ دایکا مە پێ دخڤە نە زمانێ پەروەردێ یە، نە یێ ئەکادمی یە و نەژ یێ ب رێزە، مرۆڤ هەست ب کێماسیەك مەزن دکە. دابێمە سەر پرسا وە: ڕێکخراوێن ژنان ژبۆ ژنێ چە کریە؟

ژ خوە ئەز هەردەم دبێژم ئەو ئاریشا دبێژن یا ژنێ ئەو نە یا ژنێ یە بەلکۆ یا جڤاکێ یە، یا گشتیە. ئەڤ چەوساندنا ژنێ کوشتن و چەوساندنا هەر تاکە کەسەك یە. ما دێ ڕێکخراوەك چ کەت گەر تەنێ بۆ شکڵ هاتبیت دانان. ئەو ژنا بەرپرسا ڕێکخراوێ گەرەکە ژبۆ خزمەتا ژنێ هاتبت . ژبۆ ئازادکرنا وێ بۆ پەیداکرنا تۆخمەکێ ساخلەم بۆ جڤاکێ. لێ مخابن وەسان نینە لەوان ئەم بلا ل هیڤیا وان جورە ڕێکخراوان نەبین، بەلکو هەر کەس ژمە ب ژن و میر ڤە کو زارۆکێن خوە ژ هندێ قۆرتال بکین کو ببن کۆپیەك ژ مە. ئەم نەخوەشین گەرەکە ئەم وێ بزانین دا بکارین خۆ چارەبکین».

### ڕێکخراوەکانی ژنان پیاوی حزبی دایمەزراندوون و لەرێزی پێشەوەی هێشتنەوەی دابونەریتە باوگەراو سوننەتییەکانن

ئەرسەلان مەحموود وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار، لەبارەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی، بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەردەبڕێت: »تەلار و تاوەرگەلی ئازادی، یاریگەو مەلەوانگەی ئازادی، شار و شەقامی ئازادی.. هتد، نەبوون و نابنە هۆی ڕەنگدانەوەی ئازادی لەهیچ کۆمەڵگەیەکی وەها شکڵگرتوودا، بەڵکو وەها ڕەنگدانەوەیەك لەبنەمادا نیشانەی ئەوەن، لەو شوێن و ژینگەیەدا، ئەوەی هێشتا بەمانا نەبووە، ئەوا ئازادی و خودی بنەما بنچینەییەکانی ئازادین، هەروەك چۆن هەبوونی مارکێت و بازارگە ڕەگەزییەکانیش لەبنەمادا نەبوون و هەرگیزیش نابنە مایەی قووڵکردنەوەو بەرینکردنەوەی هزراندنێکی هاوچەرخی فراوان بۆ



ڤیان مایی:

**ڕێکخراوەکانی ژنان پێویستە خزمەتی دۆخی ژن بکەن نەک تەنیا وەک شکڵ هاتبێتە دانانن**

بەرگرتن بە هەرزانفرۆشکردنی بەهاکانی مرۆڤبوون لەهیچ وڵاتێکدا. لەڕوی فکرییەوە، دوا مەهامی ڕێکخراوە ڕەگەزییەکان، بێگومان جگە لەفراژۆ پێکردنی هزری ڕەگەزی، وەك ئەوەی شیاوی هەبوونە، مرۆڤبوونی تیادا بەئامانج نەگیراوە، هەر بۆیە لەدونیای ئەمڕۆدا، شتێك لەئارادا نەماوە بەناوی خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان یا پیاوان دژ بەتوندوتیژییە هەمەکییەکان، ئەوانەی ڕێبەرایەتی بزووتنەوە فێمێنیستیەکان دەکەن و، ڕۆڵدەگێڕن لەو بوارەدا، بەتەنها هەر ژنان نین، هەموو ئەو پیاوانەی مرۆڤبوونیان بەئامانجگرتووە، بەشدارن و کاریگەری خۆیان ڕۆناوە. دیارە ئەو ڕێکخراوانەی لەکوردەواریدا، بەناوی ئافرەتان، ژنان، خوشکان، خانمان، خاتوون و باجییەکانەوە، تەبلیغات بەناوی ڕێکخراوەیی ڕەگەزییەوە دەکەن، لەبنەمادا زادەو دەرهاویشتەی واقیعی ڕەگەزی و، کۆمەڵایەتی نین، پیاو دایمەزراندون، پیاوی حزبی، بێگومان بۆ کاری حزبی، هەر بۆیە پیاوانیش ئەداو، حزبیانەیش ڕەفتار دەکەن و، لەڕیزی پێشەوەی دەسگرتن بەهێشتنەوەی داب و نەریتە باوگەراو سوننەتییەکانیشەوەن، بەم عیبارەتە، هەموو ئەم ڕێکخراوانەی بەناوی مێیینەوە لەکوردستاندا هەن، جگە لە مارکێت و، بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاو باڵا حزبییەکان، لەحکومەت و لەپەرلەماندا، لەڕەنگدان و لەدەنگداندا، لەبۆن و بەرامەو تامدا، تەنانەت لەسەر ئاستەکانی تاك و خێزانیشدا شتێکی بەرچاویان نەکردووە».

### یەکسانبوونی ژن و پیاو تەنیا بە وەك یەکی لەکاروچالاکی و بڕیاری ئابووریدا بەرجەستە دەبێت

ئەرسەلان مەحموود جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا هەزاران ژن بەردباران و گوللەبارانکران، هەزارانی تریان ئەشکەنجەدران و دەربەدەر بوون و سووتان، بەڵام لە ڕێبەر و سەردەستەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان هەڵوەستەیەکی بابەتییانەو کاردانەوەیەکی جددی و حەددییانە نەبینرا، هەر کاتێکیش هاتبێتنە سەر هەست بۆ جوڵاندنی پرس و بابەتێك، وەك

ئەوە وابووە «باپیرەیان هاتبێتەدوان و هەڵوێستی نواندبێت». گوتیشی «ڕێکخراوە ڕەگەزییەکانی کوردستان، تا لەوەها فۆڕمێك بۆ ڕێکخراوەیی بوون، نەپەڕنەوە، ناتوانن تەجاوز بکەن و بەر بەهەڵکشانی توندوتیژی بگرن و خۆیان لەبەرهەمهێنانەوەیدا بەدوور بگرن، بەهەرەو تواناو تین و تاوی ژنان بەکردنەوەی خولی دروومان و، وەها بەرخۆرییەکی شرەخۆرانە، چییەکی پێلەم واقیعە تاڵە ناگۆڕێ».


ئەو نووسەرە رەخنەی توند لە هێشتنەوەی ژنان لەچوارچێوەی ماڵدا دەگرێت و پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوەش کە خرایە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بە هەڵەیەکی گەورە هەژمار دەکات و دەڵێت «یەکسانبوونی ژنان لەگەڵ پیاوان تەنها لەو کاتەدا بەرجەستە دەبێت وەك یەکی هەبێت لەکارو چالاکی نواندندا، بێگومان ئەمەش پرۆسەیەکی سادە نییەو تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە ژنان مووچەیەکیان هەبێت. بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی فیعلی بەشداربن لەپرۆسەی ئابووریدا و ببنە خاوەنی بڕیار لەبارەی ڕەوتی ئابووری و، بەڕێوەبردنی ئەو شوێنانەی کاری تێدا دەکەن».

### سەرجەم کۆمەڵگەکانی دونیا بەپرۆسەی پێشکەوتندا تێپەڕیون و هێشتاش بەردەوامییان هەیە

ئەرسەلان لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، بۆچی لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو سوود وەرناگیرێ؟ گوتی «ڕەنگە زۆرێك لە نەیارانی یەکسانی ژنان و پیاوان پاساوی ئەوە بهێننەوە کە سروشتی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان جیاوازە لەوڵاتانی خۆرئاوایی، بەڵام ئەم پاساوە بەرگەی چجۆرە تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی ناگرێت و، تەنها پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی مێژووە، ئەو جۆرە لەپاساوهێنانەوە وەهای مەزندە دەکات کە ئەو وڵاتانەی ئێستا پێشکەوتوون و تیایاندا ژنان یەکسانن بەپیاوان، هەر لەسەرەتاوە بەمشێوەیە بوون و بەهیچ شێوەیەك گەشەیان نەکردووە، ئەگەر ئەو کەسانە تەماشای سادەترین ڕاستییەکانی مێژوو بکەن، بۆیان دەردەکەوێت کە سەرجەم کۆمەڵگەکانی دونیا بەپرۆسەی پێشکەوتندا تێپەڕیون و هێشتاش بەردەوامییان هەیە، ئەو دەنگانەی بەو شێوەیە دەروانن دونیا، تەنها دەیانەوێت بەربگرن لەبەرەوپێشچوونی مرۆڤبوون و، سوودوەرگرتن لەئەزموونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

### لە هەموو دونیادا پیاوانی عەلمانی زیاتر لە ئایینییەکان بەرامبەر بە مافەکانی ژن کراوەن

پەری مستەفا فەرمانبەرێکی دانیشتووی شاری (قەڵادزێ)یەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «سەدان ڕێکخراوی ژن و ئافرەت لە کوردستان دامەزراون، بەڵام لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا نەیانتوانیوە تاکە بڕیارێك دەربکەن کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت». پەری سەرەتای چالاکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆی بۆ ناو ڕیزەکانی حزبێکی چەپ دەگەڕێنێتەوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە هەموو دونیادا پیاوانی عەلمانی زیاتر لە ئایینییەکان بەرامبەر بە مافەکانی ژن کراوەترن، ڕەخنەی لە ئەدای حکومەتیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان گرت و گوتی «تا ئێستا ئەو هەموو ژنە بەناوی شەرەفەوە کوژراون، بەڵام بکوژی کامیان بەتوندی سزا دراوە؟ ئەی ئەو پیاوانەی کە خیانەت و ناپاکی لە هاوسەری خۆیان دەکەن، چەند جار پەلکێشی بەردەم دادگا کراون؟» گوتیشی «ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەندەی هەوڵی وەرگرتنی مووچەیان داوە، نیو ئەوەندە بۆ مافەکانی ژن و ڕزگارکردنی لە کۆیلایەتی و چەوساندنەوەو کوشتنیان کاریان نەکردووە». پێشنیاریشی کرد ئەو ڕێکخراوانە بە جددی هەوڵی پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە و خاوەن ئابووری بدەن، بۆ ئەوەی «سەرۆکی



**ئەرسەلان مەحموود:**

**کردنەوەی خولی دروومان و بەرخۆرییەکی شرەخۆرانە هیچ لەو واقیعە تاڵەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان ناگۆڕێ**

حکومەت و پەر لەمان و حزب و کۆمپانیاکان تەنیا پیاو نەبن و ژنانیش ئەو پۆست و پلە بەرزانە وەربگرن».

### باوەڕی جۆربەجۆری ئایینی، تائیفی و سیاسی ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی ژنان لەکوردستاندا هەبووە

سۆران عەزیز، رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری ماڵی وەفایی رایوایە «ڕێکخراوەکانی ژنان دەیانتوانی زۆر شت بکەن، کە نەیانکردووە، بەداخەوە هەندێکیان وەك ماڵێك بۆ چەند خانمێك دروستکراون کە زیاتر بۆ وەدەست خستنی پارەیە، نەك کاری ژنان، ئەمانە بەهەموو تاڵییەکانیەوە ڕاستە، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ڕێکخراوەکان لەسەرەتادا خۆیان مووچەخۆری حکومەتن، کێشەی هەرە بنەڕەتیش ئەوەیە ڕێکخراوەکانی ژنان دابەشبوون بەسەر بیر و باوەڕی جۆربەجۆری ئایینی و تائیفی و سیاسی لەکوردستاندا، ئەمەش رەنگدانەوەی زۆر نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی ژنان لەکوردستاندا هەبووە، تا ئەم کێشانەش تێنەپەڕێنن، ناتوانن جووڵانەوەیەکی بەهێز بکەن بۆ ئەوەی مافەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، نەك تەنیا ڕێکخراوەکانی ژنان تواناکانیان لەبەگرتدانی بکوژێکدا چڕبکەنەوە، ئێمە لەناو کەلتوور و پەروەردەیەکدا دەژین کە هەمیشە پیاو ئامادە دەکات بۆ سەرکوتکردنی ژنان و دەیان بکوژیتر خۆیان مەڵاس داوە».

سۆران عەزیز بە پێویستی دەزانێت «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کاری زۆر جددی بۆ دوو ئەرکی گرنگی خۆیان بکەن، یەکەم: ئەوەیە کەدەبێ هەمیشە فشاری گەورەیان لەسەر حکومەت بێت بۆ ئەوەی بەجددی کێشەی ژنان بکاتە ئەولەویاتی کاری خۆی، چونکە ئێمە دەزانین حکومەت توانایی زۆری هەیە لەبواری رەخساندنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژنان بەتایبەتی، کە ئەمە لەهەموو دونیاشدا وایەو هەموو ڕێکخراوەکان فشاری خۆیان بەدەرەجەی یەکەم لەسەر حکومەتەکانە بۆ ئەوەی سیستەم بگۆڕێ لەسیستەمێکی نێرسالارییەوە بۆ سیستەمێکی مرۆڤسالاری، حکومەت و پەرلەمانیش دەتوانن یاسای پێویست لەو بوارەوە دەربکەن و لەهەمانکاتیشدا بەتەواوی جێبەجێی بکەن.

دووەم: ڕێکخراوەکان دەبێت هەرچی زووە بیر لەیاسایەك بکەنەوە بۆ ئەوەی هەم لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بن و هەمیش ئیمکانی دارایی باشیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کار و چالاکی گرنگ لەو بوارەدا بەڕێ بخەن، ئەڵبەت دەشبێ چاودێری وردبکرێن، چونکە ئەوانیش لەماوەی رابردوودا بەشێك بوون لەم گەندەڵییەی کە هەیە».

خاڵێکیتر کە بەرپرسی ماڵی وەفایی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە هەندێك لە ئافرەتانی چالاکی بواری مافی ژن، خۆیان بە مانای مافەکان و چۆنیەتی دەستەبەرکردنیان تێنەگەیشتوون، بۆیە دەڵێت «ئەوانە بەڕاستی شیاوی بەزەیی پێداهاتنن، بەشێکی زۆری ئەو خانمانەی بەرگری لەمافی ژنان دەکەن، هیچ لە ماف نازانن، بۆیە ناتوانن بۆ چەسپاندنیشی کاربکەن، ئێمە شایەتی هەزاران کۆنفرانسی نانخواردن و پارەپەیداکردنی ئەم ڕێکخراوانە بووین کە لەسەر حیسابی مافەکانی ژنان بەڕێوەبراوە، لەهیچ کوێیەکی دونیا ئەوەندەی ئەم هەرێمەی ئێمە کۆنفرانس نەکراوە، ئەویش تەنها بۆ ئەوانەی کە ئاستی تێگەیشتنیان بەرزەو خۆیان توانای وەدەست خستنی مافەکانیان هەبووە، من نەمبینیوە رۆژێك خانمێك لەگەڕەکە میللییەکانەوە هاتبێ بۆ یەکێك لەو کۆنفرانسانە، ئەی باشە ئیتر کۆنفرانس بۆ کێ دەکرێ و کێ سوودی لێدەبینێ؟». سۆران وەك دواقسەی پێشنیاری کرد «چەقی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ژنان لەناو گەڕەکەکانی شارو شارۆچکە و لادێکاندا بێت، نەك لە ئۆتێلە پێنج ئەستێرەکان کۆبوونەوە بۆ ژنانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بکەن».



# کوشتن و خۆکوشتنی گەنج لە سلێمانی زەنگی دیاردەیەکی نەرێنی لێدەدات

**ماوەیەکە ژمارەی کوشـــتن و خۆکوشتنی گەنجان لەشاری سلێمانی زۆر بووە، بەجۆرێك تەنیا لە یەك هەفتەدا سێ گەنج گیانیان لەدەستداوە. توێژەرانی کۆمەڵایەتیش ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە دەکەن و داوای دۆزینەوە و ڕێکارێك دەکەن کە ڕێگری لەزیاد بوونی ئەو ڕووداوانە بکات.**

هەڤاڵ محەممەد - سلێمانی

### لە هەفتەیەکدا سێ گەنجی سلێمانی بۆ هەمیشە لە ژیان دادەبڕێن

لەیەکێـــك لەڕووداوەکانی خۆکوشـــتندا لە هەفتەی رابردوو، گەنجێکی تەمەن (١٦) ساڵی دانیشتووی ســـلێمانی بەناوی (ش.م) بە فیشەکێك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنـــا. بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی ســـلێمانی ئەو گەنجە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییـــەوە پەنـــای بـــۆ ئەو کارە بـــردووە، توێژەرێکیـــش هۆکاری زیاد بوونـــی ئەم ڕووداوانە دەگەڕێنێتەوە بـــۆ هەبوونی چەك لەماڵانداو داواش لەلایەن پەیوەندیدارەکان دەکات ڕێوشوێنی پێویست و جددی بۆ نەهێشتنی چەك لە ماڵان بگیرێتە بەر.

لەڕووداوێکی دیکەدا دوای تێپەڕبوونی ١٦ کاتژمێر لەو خۆکوشـــتنە، لەیەکێك لەشـــەقامەکانی شاری ســـلێمانی دوو گەنج کە هاوڕێی یەکتر بوون، دەبێتە شـــەڕە چەقۆیـــان و یەکێك لـــەو دوو گەنجە گیان لەدەست دەدات و ئەوی دیکەشیان بەسەختی بریندار دەبێت، بەپێی زانیارییـــەکان ئەو ڕووداوەش بەهۆی کێشـــەی کۆمەڵایەتییەوە بووە، بەڵام تاکو ئێســـتا هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە دیاری نەکراوە .

لەڕووداوێکـــی دیکـــەی خۆکوشـــتندا گەنجێکی خەڵکی کوردستانی ئێران کە بەهۆی کارەوە لەگەڵ خانەوادەکەی ڕووی لەشـــاری سلێمانی کردبوو، بە پـــەردەی پەنجەرەی ماڵەوەیان خۆی هەڵواســـی و بۆ هەمیشـــە ماڵئاوایی لـــە دونیای ڕووناکی کرد. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕووداوەکە خۆکوژییەو دەســـتی هیچ کەسێکی تێدا نەبووە، بـــەڵام لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکەش بەردەوامە، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی ژنێك لەگەڕەکێکی شاری سلێمانی دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و بەسەختی بریندار دەکرێـــت و دواتر ڕەوانەی نەخۆشـــخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکرێت.

### بکوژی کەسێك، یان خۆکوژێك زیاتر کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە

جەزا حەمەساڵح، توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ڕووداوە نەخوازراو توندوتیژییانەی کەڕوودەدات وەك کوشـــتنی کەسێك یان خۆکوشتن و خۆســـووتاندن، چەند هۆکارێکـــی هەیە، لەوانە: هۆکاری کۆمەڵایەتی، زەبروزەنگێکی فیزیکی، یان سایکۆلۆجی و سیمبولی لەپشتیەوە هەیە، هەروەها کێشەی دەروونیش کاریگەری لەسەر ئەو تاکانە هەیە کە دەبنە بکوژی کەسێك، یان خۆیان دەکوژن.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، دەڵێت «کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی لـــەڕووی ئیدارەکردنی ململانێ و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی پەروەردەنەکراوە، بۆیـــە لەڕووداوێکی ئاســـایی وەك دەمەقاڵێی دوو گەنجدا کوشتنی لێدەکەوێتەوە.

### سیستەمی پەروەردە بەرامبەر بە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کەمتەرخەمە

جەزا «خراپی سیستەمی خوێندن»یش بە هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونی ڕێژەی تاوانەکان دەزانێت و دەڵێت «بەدرێژایی ساڵانی خوێندن تاکو تەواوکردنی پلەی باڵا تاکی کورد لەخوێندندا هیچ کۆرسێك وەرناگرێت لەسەر ئیدارەدانی کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان، بۆیە نازانێت چۆن ئیدارەی کێشەکانی خۆی بکات و ســـەرئەنجام کێشـــەکەی توندوتیژی و کارەساتی لێ دەکەوێتـــەوە». ئەوتوێژەرە کۆمەڵایەتییە رایوایە «تاکی کـــورد بەڕادەیەك لاوازە، دەســـتی دەچێتە کوشـــتنی نزیکترین کەســـی خۆی»، گوتیشـــی «لەبەرئەوەی ئینســـان کائینێکـــی بایەلۆژییە، بە پڕۆسەی ئاراستەکردن و پەروەردە دەبێت رابهێنرێت. بۆ ئەوەی بتوانێت، بە ئاســـانی ڕووبەڕووی کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی ببێتەوە، واتە هەتا پڕۆســـەی کۆمەڵایەتی بوون و پـــەروەردە لاواز بێت، تاکێکی کۆمەڵایەتی لاواز بەرهـــەم دێت»، جەختی لەوەش کردەوە کە «لە کوردستاندا دامەزراوەکانی پڕۆسەی بـــە کۆمەڵایەتـــی کردنـــی تـــاك زۆر لاوازە».

### کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نرخ و بەهای هاوڕێیەتی و خۆشەویستی کەم دەکەنەوە

دەربـــارەی ئەو گرفتانەی لەنێوان کەســـانی نزیکی یەکتردا ڕوودەدات ولەیەکێك لەڕووداوەکاندا دووکەسی نزیك لەیەکتر دەبێتە شەڕە چەقۆیان و یەکێکیان گیان لەدەست دەدات، ئەوتوێژەرە گوتی «هۆکاری سەرەکی ئەم جـــۆرە ڕووداوانە خێزان و پـــەروەردەو خوێندن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە کە نرخ و بەهای هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستی کەم دەکەنەوە، تەنانەت هیـــچ وانەیـــەك بە نەوەکانـــی ئەم وڵاتـــە نادرێت لەســـەر خۆشەویســـتی و هاوڕێیەتی و ڕاستگۆیی و ئیدارەدانی کێشـــەکانی نێوان دووهاوڕێ، بەردەوام میدیاکان تاکی ئەم وڵاتە فێری تەکنیکی کوشـــتن و سەربڕین دەکەن، بۆیە ڕوودانی شەڕەچەقۆ لەنێوان دوو هاوڕێدا بووە بەکارێکی ئاســـایی لەئێستادا».

دەربارەی هەوڵدان بۆکەمکردنەوەو چارەســـەرکردنی ئـــەو ڕووداوانەش ئـــەو توێژەرە بە پێویســـتی زانی «لیژنەیەکی دەروونی و پسپۆڕ بۆ تەواوی میدیاکان دابنرێت و هیچ بەرهەمێك لە کەناڵەکانەوە پێشکەش نەکرێـــت، تاکو بەفلتـــەری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو لیژنەیەدا تێپەڕ نەبێت، بۆ ئەوەی بزانرێت شـــیاوە بۆ بڵاوکردنـــەوە، یاخود نا، پاشـــان پرۆگرامەکانی خوێندنگەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەتایەت دانانی پرۆگرامی لێبووردەیی و دژایەتی توندوتیژی و ژینگەپارێزی گرنگی زیاتر پێبدرێ بۆ ئەوەی پرۆســـەی پەروەردە تاکێك بەرهەم بهێنێت بەمانای وشە تاکێکی کۆمەڵایەتی تەندروست بێت و لەسەر بەها پەروەردەییەکان راهاتبێت».

**لە کوردستاندا دامەزراوەکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی کردنی تاك زۆر لاوازە**

**«تاکی کورد بەڕادەیەک لاوازە، دەستی دەچێتە کوشتنی نزیکترین کەسی خۆی»**

# خراپ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و مۆبایل زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات

**هێڵەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت و دروست بەکارنەهێنانی ئەو ئامێرانە، زۆرجار کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی سیمکارتی هەرزان و هەڵرژاوی ئەو کۆمپانیانەی ئێستا لەکوردستان لە سەر شەقامەکان بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێن و هیچ چاودێرییەکیشیان لەسەرنییە، ئەمەش رایەکی دروستکردووە کە دەگوترێ: حکومەت ناتوانێ کۆمپانیاکانی گواستنەوە کۆنترۆڵ بکات.**

### مامەڵەکردنی نادروستی تاك لەگەڵ مۆبایلدا

«بێگومان کێشەی مۆبایل بەشێکە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی بەربڵاوبوونی تەکنەلۆژیاو نەبوونی ئاستی هۆشیاری بەهێز دروستبووە، ئەمە دەستپێکی قسەکانی رۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری مافی ئافرەتان (سروە هەورامی) بوو. ئەو چالاکوانە رای وایە پێش ئەوەی بەیاسا رووبەڕووی کێشەکانی مۆبایل ببینەوە، دەبێت بەرلەهەموو شتێك گرنگی بەئاستی تێگەیشتنی تاك لەماف و ئەرکەکانی بدرێت. گوتیشی « دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین کە تاکی تێگەیشتوو باشتر دەتوانێت مۆبایل بەکاربهێنێت، بەبێ ئەوەی زیان بەکەسانی دیکە بگات، واتا سەرهەڵدانی کێشەکانی مۆبایل بەهۆی نەزانی و مامەڵەکردنی نادروستی تاکەکانەوە روو دەدات».

### ٥٤٠ کەیسی ئافرەتانی داڵدەدراو لەساڵی رابردوو بەهۆی مۆبایلەوە بووە

توێژەری دەروونی و بەڕێوەبەریماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو بەهار رەفیق فەتحوڵڵا، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی کە روودەکەنە ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو رووبەڕووی جۆرێك لەجۆرەکانی توندوتیژی بوونەتەوە، یان کێشەی نەبوونی شوێنیان هەیە، یان لایەنی دەروونییان تەواو نییە»، گوتیشی «ئەوەی ئێمە ڕەچاومان کردووە، لە بەشی هەر زۆری کەیسەکاندا مۆبایل لە دروستکردنی کێشەکانیاندا رۆڵی سەرەکی هەبووە، بۆ نموونە لەساڵی رابردوودا واتا لە ساڵی (٢٠١١) دا (٥٤٠) کەیس کێشەکەیان بەهۆی مۆبایلەوە بووە».

بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، مۆبایل بە «فاکتەرێکی بەرچاو» دەزانێت کە زۆرترین کێشەکانی خانمانی داڵدەدراوی لە خۆ گرتووە. گوتیشی «تەنانەت هەشبووە تەمەنیشی گەورەبووە، کەچی بەهۆی مۆبایلەوە تووشی کێشە بووە، بۆیە بەڕای من مۆبایل



فاکتەرێکە لەکێشەی سەرجەم کەیسەکانی ئافرەتانی داڵدەدراودا».

> **پێش ئەوەی بەیاسا رووبەڕووی کێشەکانی مۆبایل ببینەوە، پێویستە گرنگی بەئاستی تێگەیشتنی تاك لەماف و ئەرکەکانی بدرێت**

### بە هۆی کێشەی مۆبایلەوە، بە بەردەوامی سەردانی بنکەکانی پۆلیس دەکرێ

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر (کامەران جەرجیس یونس)، لە وەڵامی پرسیارێکی (گوڵان)دا، کە تاچەند هاووڵاتیان بەهۆی کێشەی مۆبایلەوە سکاڵای یاساییان لە بنکەکانی پۆلیس تۆمارکردووە؟ دەڵێت «بێگومان ئێمە وەك بەڕێوەبەراتیی پۆلیسی هەولێر بەبەردەوامی هاووڵاتیان سەبارەت بەکێشەی مۆبایل سەردانمان دەکەن، هەر یەکەیان کێشەیەکیان هەیە، بێگومان کێشەی مۆبایلیش جۆراوجۆرە، کێشە هەیە تەشقەڵەکردنە بە ژنان، کێشە هەیە تەنیا سەهوکردنێك بووە، بەڵام بۆتە کێشە، یان هەندێکجار کەسێك بەهەڵە سەنتی بۆ کەسێکی دیکە ناردووە، کێشە دروستبووە، بەڵام کێشەش هەیە بریتییە لەجنێودان و هەڕەشەلێکردن، واتا کێشەکانی مۆبایل زۆرزۆر بووە»، ئەوەشی خستەڕوو «ئەمساڵ نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ کێشەی جۆراوجۆری مۆبایل»یان هەبووە.

کامەران جەرجیس لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا باسی لەوەکرد کە هەر هاووڵاتییەك گەر کەسێکی نەناسراو لە رێگەی مۆبایلەوە نیگەرانی بکات، ئەوا ژمارەکەی لەلایەن کۆمپانیاوە دابخات، «ئێستا کۆڕەك تیلیکۆم نمرەیەکی داناوە بۆ ئەوەی کە هەرکەسێك بیەوێت ژمارەیەکی بۆ نەیەت، دەتوانێت بەهۆی ئەو نمرەیەوە پەیوەندی بکات و ئیتر پێویست بەوەناکات کە تووشی کێشە بێت، ئەگەر ئەو نمرەیەی دانا، ئەو ژمارانەی کەدەیەوێت دەتوانێت داخلی بکات و ئیتر ئەو ژمارانە ناتوانن پەیوەندی پێیەوە بکەن».

### حکومەت ناتوانێ کۆمپانیاکانی گواستنەوە کۆنترۆڵ بکات

کاروان عەلی ئیسماعیل، یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بەرامبەر بە کێشەکانی موبایل لە ناو کۆمەڵگەدا نیگەرانەوە و خوازیاری بنبڕکردنی ئەو گرفتانەیە کە بەردەوام کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیاندا دەهێنن. کاروان وەك گەنجێك ئاماژە بۆ سیمکارتەکانی سەر شەقام دەکات و دەڵێت «تا لە بازاڕ سیمکارتی بێخاوەن و بێناوی هەڕەمەکی هەبێت، کێشەی مۆبایل هەر بەردەوام دەبێت». ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەت نەیتوانیوە کۆمپانیاکانی گواستنەوە کۆنترۆڵ بکات، بۆیە دەڵێت « کۆمپانیاکانی گواستنەوە لەحکومەت بەدەسەڵاتترن.

سروە هەورامیی رۆژنامەنووسیش هەمان رای هەیەو جەخت لەوەدەکاتەوە کە «کێشەکانی مۆبایل لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێوەیەکی زۆر ترسناك زیادی کردووەو هەتا ئێستا دەسەڵاتیش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەریان بکات». لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە حکومەت هاووڵاتیش بە بەرپرسیار دەزانێت و دەڵێت «ئەرکی سەرشانی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە،هەروەها ئەرکی سەرشانی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەموو هاووڵاتییەکە کە کۆمەڵگە هۆشیاربکەنەوە، بەتاکەکانی بگەیەنن تا بە شێوەیەکی تەندروست سوود لەمۆبایل وەربگرن، چونکە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان باشترین رۆڵ دەبینێت بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی کێشەکان، واتا ئەوە گرنگە بەتاك بگەیەنرێت کە مۆبایل ئامێرێکە بۆ خۆشگوزەرانی، نەك بۆ دروستکردنی کێشە».

هاوکات ئەو رۆژنامەنووسە هێما بۆ ئەوە دەکات کە بنبڕکردنی گیروگرفتەکانی مۆبایل «زۆر ئاستەمە» و تەنیا لە قۆناغی یەکەمدا دەکرێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو کێشانە کەم بکرێنەوە».

بەهار رەفیق بۆ چارەسەری کێشەکانی مۆبایل، بەباشی دەزانێت هەڵمەتێکی گشتگیر لە کۆمەڵگە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك رێکبخرێت، بۆ ئەوەی بە

## کۆمەڵگەی ئێمە بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و بەتایبەتی مۆبایل و ئینتەرنێت لەئاستێکی نزمی فکریدایە

دروستی سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگیرێ، بۆیە دەڵێت «تەکنەلۆژیا بەبێ بەرنامە هاتۆتە لامان و هیچ جۆرە رێنماییەکی بەرفراوانی بۆ نەکراوە، بۆیە کۆمەڵگە هیچ هەنگاوێکی پێشکەوتووی لەو بوارەدا نەناوە»، گوتیشی «گەر سەرجەم بوارە تەکنەلۆژییە جیاجیاکان روویانکردە کۆمەڵگەو هاوکات کۆمەڵگە هیچ گۆڕانکارییەکی مەعنەوی تێدا نەکات، ئەوا کێشەکان زیاتر دەبن. لەسەرجەم ئەو کۆمەڵگەیانەش کە گۆڕانی ماددی پێش مەعنەوی دەکەوێت، ئەم کێشانەیان بۆ دروست دەبن». نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «زۆر خێزان کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە داخراون و کچەکانیان لەماڵەوە داناوە، ئەوانییش بەهۆی مۆبایلەوە دەتوانن بگەنە جیهانی دەرەوە، واتا بمانەوێت و نەمانەوێت مرۆڤ هەر لەسروشتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەبینین زۆر خێزان هەیە کە کچەکانیان لەکۆمەڵگە دادەبڕن و لەقوتابخانە دەریان دەهێنن و هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لێ قەدەغە دەکەن و ناهێڵن هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەرەوەدا هەبێت، بەڵام ئەو کچە لەڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ناتوانێت بەتەنیا بژی، لەبەر ئەوەش ئەو کچەی کە لەکۆمەڵگە دابڕێندراوە و بەهۆی مۆبایلەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا پەیوەندی دروستدەکات، زۆرجار دەکەوێتە هەڵەوەو تووشی هەڵسوکەوتی خراپ و ناهەموار دەبێت». بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشەیەش بەپێویستی زانی لەبری قەدەغەکردنی مۆبایل لە کچان و ترساندنیان لەو ئامێرە، رێگەی دروست بەکارهێنانیان بخەنە بەردەم و هۆشیاری تەواویان پێبگەیەنن.

لەلای خۆیەوە گوتەبێژی بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، سەبارەت بە بەدواداچوون بۆ سکاڵا و سزادانی ئەوانەی لە رێگەی مۆبایلەوە



## تا لەبازاڕ سیمکارتی هەڕەمەکی هەبێت، کێشەی مۆبایل هەر بەردەوام دەبێت

هاووڵاتی هەراسان دەکەن، گوتی «ئێمە هەر کەسێك سکاڵا تۆماربکات، سکاڵاکەی وەردەگرین و ئەو کەسەش کە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام سەبارەت بەسزاکان، ڕەوانەی دادگای دەکەین، واتا ئەرکی ئێمە تەنیا لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی سکاڵاکانە و دادگا لە سەر جۆری سزا بڕیاری خۆی دەدات».

هەر سەبارەت بە سزای سەرپێچیکاران لە رێنماییەکان و یاسای بەکارهێنانی موبایل، سروە هەورامی، ئاماژە بەوە دەکات کە چەند ساڵێك لەمەوبەر یاسایەکی تایبەت بەخراپ بەکارهێنانی مۆبایل هەموارکراوە، بەڵام ئەو یاسایە هەتا ئێستا نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم گرفتە بنبڕبکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «هەتا ئێستا هیچ جۆرە چاودێرییەکی کۆمپانیاکان نەکراوە»، گوتیشی «دەرکردنی یاسا پێویستی بە زەمینەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێت یاساکە جێبەجێ بکرێت، ئەو زەمینەیەش هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەیە، چونکە تاك هەتا هۆشیارتر بێت، یاسامەندتر دەبێت و ناتوانێت لە یاسا لابدات».